# فەرماندەی ئازا و نیشتمانپەروەری دڵسۆزی گەلەکەمان سەرهەنگ چیا کۆچیدوایی کرد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/١ فەرماندەی ئازا و نیشتمانپەروەری دڵسۆز سەرهەنگ ڕەسووڵ ڕەبیعی، ناسراو بە سەرهەنگ چیا لەشاری ماڵمۆ لەوڵاتی سوێد، کۆچیدوایی کرد.

سەرهەنگ چیا هەموو ژیانی بەئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی و سەربەخۆیی کوردستانەوە بردەسەر. لەپێناو گەیشتن بەم ئاواتەپیرۆزەشیدا ئەوکات کە لەکوردستان و لەریزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا ئەرکی فەرماندەیەتیی هێزی پێسپێردرا، گەلێک نەبەردی قارەمانانەی سەرپەرشتی کرد و، لەچەندین مەڵبەند و شوێنی جیاجیا زەبری کوشندەی لەهێزەکانی ڕژێمی داگیرکەری ئێران وەشاند.

کاتێک سەرهەنگ چیا گەیشتە ئۆروپا ولەوڵاتی سوێد نیشتەجێبوو، وازی لە خەبات وتێکۆشینی نەتەوەیی نەهێنا و، گەلێک وتار وبابەتی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و، ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوکردەوە.

سەرهەنگ چیا دوور لەزێد ونیشتمانی خۆشەویستی، ماڵئاوایی لێکردین، بەڵام یادی خەبات و تێکۆشینی بەردەوام وئاوات وئامانجی پیرۆزی لەدڵی هەموو هاوبیرانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان هەر زیندووە.

**بەرزو بەڕێزبێت یادی سەرهەنگ چیا خەباتکاری ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**سیروان کاوسی**

**٢٠١١/٦/٦**